# میشێل وێلبەک ڕۆمانێکی نوێ بڵاودەکاتەوە






**■ ئا: بژار حەکیم**

میشێل وێلبەک، شاعیر و ڕۆماننووسی ناسراوی فەرەنسی ڕۆمانێکی نوێ بەناوی "سێرۆتۆنین" بڵاودەکاتەوە. ڕۆمانە نوێیەکەی وەک کارەکانی دیکەی باسی خەمی تاک و نەخۆشی دەکات و بێزاریی مرۆڤێک دەگێڕێتەوە.

میشێل وێلبەک لە ڕۆمانە نوێیەکەیدا ئاماژە بۆ نەخۆشییەکی خۆی دەکات، ئەویش کەمبوونەوەی ڕێژەی "سێرۆتۆنین"ـە لە جەستەیدا و ئەو ئاکامانەی کە لە ئەنجامی خواردنی دەرمان بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی سێرۆتۆنین تووشی دەبێت.

سێرۆتۆنین هۆرمۆنێکە لە مێشکدا کە کەمبوونەوەی دەبێتە هۆی خەمۆکی و خەوزڕان و ئەو دەرمانەش کە بۆ زیادکردنی ڕێژەی سێرتۆنین بەکاردێت، کۆمەڵێک لێکەوتەی خراپ لەسەر جەستە بەجێدەهێڵێت.

میشێل وێلبەک، شاعیر، نووسەر و فیلمسازێکی ناسراوی فەرەنسیە، ساڵی 1956 لە فەرەنسا لە دایک بووە و ساڵی 2010 خەڵاتی کۆنکۆری ئەدەبی بۆ ڕۆمانی (نەخشە و زەوی) وەرگرتووە.

وێلبەک لە نێوەندی ڕۆشنبیریی فەرەنسیدا کەسایەتییەکی مشتومڕسازە، هەندێک وەک جێگرەوەی چارڵ بۆدلێر و مارکیز دی ساد لێی دەڕوانن، ڕەخنەگرەکانیشی بە فرۆشیارێکی گەڕۆکی دەزانن کە کاڵای خراپ و بۆگەن بەنرخی کاری ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.

## 22 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شێخی شاعیراندا تێپەڕ دەبێت

# چاپی دووەمی بەرهەمەکانی حەسیب قەرەداخی بڵاودەکرێتەوە




**■ ئا: بژار حەکیم**

22 ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شێخی شاعیران (حەسیب قەرەداخی)دا تێپەڕ دەبێت و هاوکات لەگەڵ یادکردنەوەی ئەو شاعیرە، چاپی دووەمی سەرجەم شیعرەکانی بڵاودەکرێتەوە.

چاپی دووەمی شیعرەکانی (حەسیب قەرەداخی) بە هەردوو بەرگەکەی (فەرهەنگی خەم) لە چاپخانەیە و لە ڕۆژانی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە.

چاپی یەکەمی (فەرهەنگی خەم) لەسەر ئەرکی (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن (دەزگای ئاراس)ـەوە چاپکرا و ( کتێبخانەی هەژار موکریانی) لە هەڵەبجەش ئەرکی لە چاپدانی چاپی دووەمی گرتووەتە ئەستۆ.

نووسەر ئازا حەسیب قەرەداخی لەوبارەوە دەڵێ، کاری ڕێکخستنەوەم بۆ چاپی دووەم کردووە وەک پێداچوونەوە و کۆکردنەوە و زیادکردنی هەموو ئەو شیعرانەی لە چاپی یەکەمدا نەبوون، هەریەک لە حەکیمی مەلا ساڵح، سەفەر هەورامی و ڕەسوڵ سوڵتانی هەڵەگرییان کردووە و ئەژی ئازا حەسیب قەرەداخیش نەخشی بەرگەکەی کردووە.

حەسیب قەرەداخی ناوی تەواوی حەسیبی کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان قەرەداخییە، ساڵی 1929 لە سلێمانی لەدایک بووە و لە 9 ی کانوونی دووەمی 1997 کۆچی دوایی کردووە.

# توانا حەمە زنجیرەیەک کتێب لەبارەی میوزیک بڵاودەکاتەوە




**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

نووسەر و میوزیسیەن توانا حەمە لە پڕۆژەیەکی نوێیدا زنجیرەیەک کتێب لەبارەی میوزیک بڵاودەکاتەوە کە پەنجا ناونیشان لەخۆدەگرێت و کتێبەکان تایبەتن بە تیۆرییەکانی میوزیک.

توانا حەمە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت، ئەم زنجیرەیە ئەزموونێکی نوێی کارکردنمە، پێکهاتووە لە پەنجا ناونیشانی جیاواز لە زنجیرەیەک کتێب و ناميلکەی بچووکدا کە تایبەتن بە میوزیک لەڕووی (تیۆری، مێژوویی، پەروەردەی میوزیک ، فەرهەنگی، وەرگێڕان، ژیاننامەی موزیسیانان و بواری میوزیکۆلۆژی).

توانا حەمە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە پڕکردنەوەی بۆشایی گەورەی نێو کتێبخانەی کوردی لەڕووی کتێبەکانی تایبەت بە میوزیکەوە ئەرکی تەنیا تاکە کەسێک نییە، بەڵکو پێویستی بە پاڵپشتیی ماددی و مەعنەوی، دەزگا و ناوەندی تایبەت بەم بوارە هەیە "بەڵام بەندە وەک هەمیشە و وەک ئەرکێکی ئەکادیمیم بەرامبەر ئەم لایەنە فەرامۆشکراوە، بڕیارم دا لەپاڵ لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی دیکەم لە بواری ئێپنۆمیوزیکۆلۆجیدا، ئەم ئەرکەش لەئەستۆ بگرم".

گوتیشی "زنجیرەی یەکەم بەناوی (میوزیک چییە؟) پێکهاتووە لە ژمارەیەک وتاری ئەکادیمی جۆراوجۆر، زنجیرەی دووەم بەناوی (ئۆرکێسترا چییە؟) ئەم بەرهەمەش یەکەمین ئەزموونی وەرگێڕانمە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی".

# سەنتەری ئاڵا لە هەولێر هەفتەفیلم نمایش دەکات




**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاڵا هەفتانە لە هەولێر هەفتەفیلم نمایش دەکات و دوای نمایشی فیلمەکانیش، خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ فیلمە نیشاندراوەکان دەکات.

نەوزاد تەها، بەڕێوەبەری سەنتەری ئاڵا بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سەنتەری ئاڵا هەموو ڕۆژانی شەممە بە پیشاندانی فیلمی کوردی و بیانی هەفتە فیلم ساز دەکات.

بەڕێوەبەری سەنتەری ئاڵا گوتیشی، دوای نیشاندانی فیلمەکان، لەلایەن کەسانی شارەزا و سینەماکارانەوە خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ فیلمەکان دەکات و ئامادەبووان تێگەیشتنی خۆیان لەبارەی فیلمەکانەوە دەخەنەڕوو.

سەنتەری ئاڵا تاوەکو ئێستا یازدە هەفتە فیلمی بەڕێوەبردووە کە فیلمەکان بریتی بوون لە کچی کافرۆش، لە دەرهێنانی تەنیا کەریم، فیلمی خەونی کورد جەنگ یان ئاشتی، فیلمی گەڕەکی داهۆڵەکان، لە دەرهێانی حەسەن عەلی، فیلمی پەڕەسێلکە، لە دەرهێنانی مانۆ خەلیل، فیلمی سێگۆشەی مەرگ، لە دەرهێنانی عەدنان عوسمان، فیلمی دوا دەرگا، لە دەرهێنانی ئازا یوسف، فیلمی فڕینی بەردەکان، لە دەرهێنانی هەردی حەسەن عەلی و چەند فیلمێکی دیکەی بیانی.

## نامە ئەکادیمییەکان

# چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی- دا

◄ هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ئەمە ناونیشانی نامەیەکی دکتۆرایە کە (سەبور عبدولکەریم) بە سەرپەرشتی (پ.د. محەممەد ئەحمەد سەعید) لە ساڵی 2013 پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە. نامەیەکی بەراوردکاری پراکتیکییە و توێژەر لایەنی لێکچوو و جیاواز و کارتێکەری مەولانای لەسەر مەولەوی، هاوکات دنیابینی هەردووکیانی بۆ هەردوو چەمکی ژیان و مردن و چەمکەکانی پەیوەست پێیانەوە داوەتە بەرباس. میتۆدی نامەکە وەسفی شیکارییە و زیاتریش دەقی بە بنەما گرتووە لەسەر ئاستی ناوەڕۆک و جیهانبینی نەک فۆرمتەوەری، لەبەرئەوە کەمتر لە دەرەوە بۆ دەق چووە، بەڵکو لە دەقەوە بۆ دەرەوە بەپێی پێویست چووە، ئەمەش لەڕووی زانستییەوە بۆ دەرچوون لە فرەبێژی و سەپاندنی بۆچوون بەسەر دەقدا گرنگە، هاوکات بەهۆی هەڵبژاردنی بابەت و هەردوو شاعیری ناوبراوەوە کە شیعرەکانیان زیاتر عیرفانین و هەردوو چەمکیش کەمتر دەرەکی و زیاتر ناوەکین.

نامەکە بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە:

بەشی یەکەم: بۆ سێ پار دابەش کراوە کە هەردوو چەمکی ژیان و مردنی لای ئاینە جیاوازەکان باس کردووە، دووەم لای قوتابخانە فەلسەفییەکان، سێیەمیش لە عیرفانی ئیسلامیدا. لە ئاینی هیندۆسیدا کە بڕوایان بە فرەخوایی هەیە، هەندێ خوایان کە خوای مراندنیش نین، توانای پاراستن و مراندنیان هەیە، (یاما) یەکەمین کەسە کە مردووە و ئێستا خوای مردووەکانە و (ریتا)ش خوای بردنی مرۆڤە لە لەدایکبوونەوە بۆ مردن. هیندۆسەکان باوەڕیان بە (یەکێتی بوون) هەیە و جووڵە و گۆڕانیش یاسای بنەڕەتی جیهانە، هاوکات ڕۆح پەیوەستە بە ژیان و مردنەوە، کەسانی ڕاستکار و ڕاستبین پاش مردن دووبارە لەدایکدەبنەوە و نەمری بەدەستدێنن، بەڵام کەسانی خراپبین و خراپەکار لەدایکدەبنەوە تا ببنە پارووی مردن. لە ئاینی بوداشدا توێژەر پێیوایە بەپێچەوانەی بۆچوونەکانەوە کە بە ڕەشبین دەیبینن، ئازار و مەینەت بەرهەمی بوونی ئێمەیە و ئەوەی وەهم و خەیاڵیشە بوونی شتەکان نییە، بەڵکو خۆ بە نەگۆڕ و هەمیشەیی زانینە، بۆیە هاتنە بوون و ژیان ئازارو مەینەتیە کە سەرچاوەکەی ئارەزووە و پێویستە بە ژیانی ڕاست و ناسین و بیرکردنەوە و گوفتار و کرداری ڕاست جڵەوی بگیرێت، هاوکات بڕوایان بە ئازاری دووبارە لە دایکبوون [کارما] هەیە، قۆناغبڕی و گەیشتن بە نیرڤانا بەرزترین ئاستە و قۆناغی نەمری و ڕزگاربوونە لە ئازار و مەینەت [واتە ڕزگاربوون لە ئارەزووەکان] ئەمەش بە زانست و خۆهۆشیاری دەکرێت. ئاینی زەردەشتیش بەپێی دوالیزمی ژیان و مردن و خێر و شەڕ باسی ئەو دوو چەمکەی کردووە و ژیان لایان خۆشەویستە، پێیانوایە ژیان فێریان دەکات کە ئاهۆرامەزدا بە چاکە و دامەزراوی بڵند و باڵادەستە و خراپە و تاریکیش ڕێگرن لە گەشەی مرۆڤ. لە ئاینی یەهودیشدا کە دنیاویست و ژیانویستە، زیاتر دیوی مادی زاڵە، خوا مرۆڤی لەشێوەی خۆیدا دروستکردووە و دەسەڵاتی پێداوە، مردنیشی بە هەڵەی مرۆڤ زانیوە کە لە درەختی ناسینی چاکە و خراپەی خواردووە. ئاینی مەسیحی بە ڕوونی باسی مردنی نەکردووە [لە هەرسێ دەقەکەدا- مەتا، مەرقەس و لۆقا] زیاتر ژیانویستی دەبینرێت، هەر لە پرسی هەستانەوە کە جۆرێکە لە دووبارە ژیانەوە هەتا ئەوەی کە خودی ژیانی مەسیح نموونەیەکە بۆ ئارامگرتنی ئازار و نارەحەتیی ژیانی مەسیحییەکان. ئاینی ئیسلامیش بوون بە دوالیزمی خوا و ڕەگەزەکانی تری بوون- جگە لەخوا- دەبینێت کە لە سێ خاڵدا لە پەیوەندیدان: یەکێتی مرۆڤ و بوون. دووەم، پایەبڵندیی مرۆڤ، کە خوا مرۆڤی بەرزتر لە بوونەوەرەکانی دی داناوە، چونکە زانست و ئیرادە تایبەتن بە مرۆڤ و لەڕێگەی ڕۆحەوە هاتوونەتە ناو مرۆڤ، خاڵی سێیەم خستنە ژێر ڕکێفی بوونەوەرەکانە لەلایەن مرۆڤەوە کە خوا جیهانی وا سازاندووە شیاو بێت بۆ ژیانی مرۆڤ و جێنشینبوونی. لەم ئاینەدا باسی ژیانێکی دیکە بە فراوانی هاتووە و توێژەر بە سوودوەرگرتن لە ناسری سوبحانی، بنەمای چی بکەم و چی نەکەم نەک چی دەبێ و چی نابێ بەبنەما دەگرێت، ژیانیش لەنێوان بێمانایی و پێدانی مانادا دەبینێت کە هێزێک لە پشت جیهانەوەیە مانادارە و بە دۆزینەوەی ماناکەی دەدۆزرێتەوە، هاوکات لە قورئاندا زۆر جەخت لەسەر ئەو بەشە بێمانا و فریودەرەی ژیان کراوەتەوە. لە پاری دووەمدا توێژەر دیدی فەلسەفی بۆ پرسی بوون [کە بنەمایە بۆ باسکردنی دوو چەمکی مەبەست] لە یۆنانەوە دەستپێدەکات، ئامانج و بەهای ژیانیش باسێکی گەرمی فەلسەفییە کە دوو جیهانبینی فەلسەفی لەسەر بنەمای بێ ئامانجی ژیان لە خۆیدا و ئامانجدارێتی کە گەڕانە بۆ دۆزینەوەی، دابەش کردووە، هاوکات باسی مردنیش دوو ڕوانینی لێکەوتووەتەوە کە مردن تەنیا بۆ مرۆڤە [چونکە خۆئاگایە و نیگەرانە] و ئەویتریان هەموو بوونەوەران بە هاوبەش دەبینێت و بایەخ بە جیهانی پاش مردن و نەمری دەدات کە هەیە یان نا، یاخود مرۆڤ کە دەمرێ شوێنەوارێ بەجێدێڵێت کە جێگەی تاقیکردنەوەیە، هەروەها پرسی ڕۆح یان دەروونیش یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی فەلسەفە، هاوکات لەناو بیری فەلسەفیدا پرسی مانادارێی جیهان و ژیان گرنگی خۆی هەبوو کە لێرەوەش زیاتر لە پرسی مردنیان ڕوانیوە، چونکە بەهای ژیان پێویستی بە مردنە، هاوکات لەگەڵ قۆناغەکانی ژیان و ڕووداوەکاندا پرسی مەرگ هاتە پێشەوە کە سەدەی بیست بەپێچەوانەی سەدەی هەژدە و نۆزدە، بەهۆی هەردوو جەنگی جیهانییەوە مەرگ بووە جێگەی تێرامانی فەلسەفی، هایدیگەر ئاگایی لە مەرگ بە پایەی ژیانی ڕەسەنی تاک دادەنێت، کە مردنیش بۆ منە نەک بۆ ئەوانیتر، خۆییانە بیر لە مردن دەکاتەوە و لە بیرکردنەوەی دەستەجەمعی دەریدەهێنێ، ئەمەش مردن دەکاتە ئەزموونێکی تاکەکەسیانە. لە پاری سێیەمدا هەردوو چەمک لە عیرفانی ئیسلامیدا باس دەکات کە بوون و جیهان لای عارفانی ئیسلام واقیعەتی هەیە و لای هەندێکیان بۆ دەرکەوتنی خوایە تیایدا. جیهان بۆ مرۆڤ و خوا جیاوازە، مرۆڤ جیهان وەک ئەوەی دەردەکەوێ دەناسێ نەک ئەوەی لە خۆیدا هەیە. لای عارفان بوونی دەرەکی و مادی وەک دەریایەکی شەپۆلدارە کە هەر شەپۆلێکی وەک بوونەوەرێک و دەروونی مرۆڤێک دەردەکەوێ، بوونیش دەرکەوتنی زاتی خوایە پاش بڕینی وەجد و مردنی خەسڵەتە مرۆییەکان و نیشتەجێبوون لە نزیک دەسەڵاتی حەقیقەتدا، کە وادەکات عارف کردار و گوفتارو نیازەکانی یەکبگرن [ڕواڵەتی هاوشێوەی ناخی بێت] ئەمەش دواجار هەستکردن بە شکۆی بوون و ژیان و دیتنی ئەودیوی دیاردەکانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە عارفان ژیانێکی دوور لە دەستی مردنیان ویستووە [کە ئەویش یەکگرتنە لەگەڵ خوا]، دیارە ژیانیان لە هەموو شتێکدا بینیوە و بڕواشیان بە دابەشکاری و کەرتکردنی نەبووە چونکە سەرچاوەکەی یەکە و لە خواوە هاتووە.

بەشی دووەم: باسی چەمکی ژیان لە شیعری هەردوو شاعیردا دەکات کە بوون و عەدەم لای مەولانا بنەمان بۆ تێڕوانینی بۆ ژیان و جیهان. بۆ مەولانا هەبووی ڕاستەقینە خوایە و کەماڵە و سەرچاوەی عەدەمە- شتەکانی دیکە عەدەمن [نەبووی هەبوو نوێنن و عاشقی سەرچاوەکەیانن کە خوایە] و لەوەوە پەیدابوون و نوقسانیان هەیە، بۆیە بە کردەکانیان هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن، بوونیش بە مانای سروشتی و فیزیکی و جەوهەری شتەکان هاتووە، هەرچی باسکردنی بوونی مرۆڤە، ئەوا مەولانا بڕوای بە تێپەڕکردنی بوونی مرۆڤ هەیە وەک ئەوەی کە هەیە بۆ ئەو بوونەی کە پێویستە پێی بگەین. لای مەولانا جیهان ئامانجدارە نەک بێبەها، بۆیە خوا وەک هونەرمەندێک دەبینێ کە بە ئامانجەوە دروستکراوەکانی دەخوڵقێنێ:

هیچ نقاشی نگارد زین نقش
بی امید نفع، بهر عین نقش؟

تێڕوانینی مەولانا بۆ بوون ئەوەیە کە بوونی هەموو شتەکان لەسەر ئەو وەستاوە، بۆیە بوون جگە لە ڕاقەی ناو و زاراوەکەی پێناسە وەرناگرێت، هاوکات بوونی وەک جەوهەر و هەبووی ڕاستەقینە و مەجازی بینیوە و عەدەمیشی بەرامبەر داناوە کە نەبووی هەبوونوێنە، بەڵام بوون نەبووی هەبوونوێنە چونکە ئەم بوونە لە جەوهەری بوونەوەرەکاندایە نەک لە قەبارە و شێوەدا، لێرەوەیە مرۆڤی مەعنەوی توانای دیتن و ڕۆیشتنی بەرەو عەدەم [جیهانی نابەرجەستە] هەیە، چونکە کارگەی دروستکردنی بوونەوەر جیهانی عەدەمی خوایە و بەهاش لە ئاشکرادا نییە بەڵکو لە نەدیتراو و نادیارەکاندایە کە ڕواڵەتبینەکان بە عەدەمی دەزانن:

گر همی خواهی سلامت از چرر
چشم ز اول بند و پایان را نگر
تا عدم ها را ببینی جمله هست
هست ها را بنگری محسوس، پست

مەولانا جیهان و دنیا وەک شوێنی گەشەی مرۆڤ دەبینێ تا گەورە دەبێ [لەڕووی مەعنەوی] ئەوکات دنیا تەنگەبەر دەبێت و پێویستە خۆی ئازاد بکات بۆ کۆشکی جیهانی مانا [ناشوێن]، بۆیە هەموو جیهان زیندووە و پێویستە ناخی ئەم جیهانە ببینین کە ئەویش بە دەرچوون لێی دەبێت؛ ئەوکات دەبینین کە جیهان و بوونەوەرە نازیندووەکان زیندوو و چالاکن [با هۆزەکەی عادی لەناوبرد، ئاو لافاوی نوحی دروستکرد]. ژیان لە پەیوەندی ڕۆح و جەستە دروستبووە و ئامرازی مانەوەی جیهانە، لەبەرئەوە جیهان لە دژەکان دروستبووە و ژیانیش لە ئاشتیی نێوانیاندایە کە بە یەکێتی خواستەکانی جەستە و گیان ڕاگیراوە و مرۆڤی مەعنەوی ژیانی خۆکردانە دەژی کە ئەمەش ژیانسازیە نەک مەرگسازی کە خولیای ئارەزووبازەکانە، بۆیە ژیان لە مۆسیقای مەعنەویدایە کە عیشقیش گۆڕینی ژیانە لە چەندێتییەوە بۆ چۆنێتی و یەکخستنی بوون و کات و مردن و ژیانە.

بوون و هەبووش لای مەولەوی بە واتای جیاواز هاتووە، هەبوو [بوونی لە خۆیدایە] سەرچاوەی بوونە- مرۆڤە، بۆیە خوا یان هەبوو لە خۆیدا زیندووە، بەڵام بوونەوەرانی دیکە بوونێکی زیادکراو و پێدراویان هەیە کە جێدەستی خوایان لەسەرە، لەبەرئەوە مەولەوی پێیوایە دەبێت ئەو بوونەی هەیە تێپەڕ بکرێ و مرۆڤسازی بکرێ بۆ ئەوەی پێویستە هەبێ؛ ئەمەش لە دیالۆگە شیعرێکدا لەگەڵ پارچە شووشەیەک دەخاتەڕوو:


عالەمێ تازە دیم هوەیدا بی
شەخسێ عەجیوتەر جە من پەیدا بێ

ڕەمزە عیرفانیەکانی مەولەوی بە چڕی دۆخی نارەسەن بۆ ڕەسەنبوون و مەستبوون بە مەی و بانگکردنی ساقی بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان و گەردوون دەردەخەن کە بوونی نارەسەن لە دەرچوون لە سروشتی (خۆ) و دووری لە دۆست وێنا دەکات، ژیانیش لە مراندنی ژیانی جەستە و ژیانی مەعنەوی و نیشتەجێبوون لە ژیانی دۆستدا دەبینێت، خۆشیی ژیان لەوەدایە بە دەستی دۆست بکوژرێت، بۆیە دۆست و مەعشوق پێگەیەکی سەنتراڵیان لە جیهانبینیدا هەیە، تەنانەت لە شیعرە سروشتییەکانیدا بەتایبەت مۆتیڤی بەهار دەبینرێت. هاوکات ڕەهەندێکی دیکەی ژیان لایەنی نەرێنیەتی کە خۆی لە تاریکی و گەمە و گوزەرو تێپەڕگەیی و مەرگهێنندا نمایش دەکات کە بەبێ دۆست جگە لە تاڵی و تاریکی و میوانخانەیەکی کۆن هیچی دی نییە، ئەوەی ڕووناک و شیرینی دەکات دۆست و ساقی و مەیە کە ئەمەش بە ڕێگەی حیرەت و مەستی عیرفانی نەک عەقڵگەرایی بەدەستدێت. هاوکات لە کۆتایی ئەم بەشەدا توێژەر بەچڕی جیاوازی و لێکچوونی ئایدیای شیعری هەردوو شاعیری بۆ بابەتە باسکراوەکان خستووەتەڕوو.

بەشی سێیەم: پاری یەکەم چەمکی مردن لای مەولانا کە توێژەر دەڵێ زۆر دەگمەن باسی مردن بەبێ ژیان هاتووە، ئەمەش بە سەنتەرگرتنی مردنە نەک ئەوەی دوانەی بەرامبەرن، بەڵکو هاوشێوەی ڕستە کە تا تەواو نەبێت مانا و تێگەیشتنمان بۆی نییە، لای شاعیر چەندین جۆر و مانای مردن هەیە [مردن و نوێبوونەوە، مردنی گەردوون و گەڕانەوەی بۆ لای خوا، مردنی ساتی، مردنی مەعنەوی، دۆنادۆنی خەسڵەتی..] مەولانا پێیوایە ڕازی ژیان مردن دەریدەخات و زیندووبوونەوەش ڕازی مردن، پێشی سەیرە مرۆڤەکان لەگەڵ یەقینترین دیاردەی جیهان کە مردنە، بەگومانن! بۆیە مردن وەک بۆن و جوانی یوسفە و بەیانیە. مەولانا بەپێی سێ جۆری مرۆڤ [خراپ، چاک و عارفان] سێ وێنەی جیاوازی مردن وێنا دەکاتو دەڵێ مردن پردی پەڕینەوە و پێشەکیە بۆ جیهانی گەورە و کەماڵ، هاوکات مردن ڕۆژە و نهێنی و تاریکی خەڵکی جیهان ڕۆشن دەکاتەوە، چونکە مردن یەکێکە لە جیلوەکانی غیرەتی خوایی. لای مەولەویش بە سێ جۆر باسی مردن کراوە: مردنی فیزیکی کە ئەمیش لە مەرگ پەسەندی و ناپەسەندی و مەرگویستانەدا دەردەکەوێ. مردنی مەعنەوی- ئیختیاری کە پێیوایە دەبێت نەریت و ئاکارە ناشیرینەکان لەخۆتدا بمرێنی تا ژیانی ڕۆحی مومکین بێت. سێیەم مردنی ئەدەبی کە مردنە بە ئازار جا ئازاری دووری یان دابڕان بێت لە دۆستان:

جە هیجران تۆ هەرسات مەرگمەن
قەترە قەترەی زووخ نەڕووی جەرگمەن

مەولەویش هاوشێوەی مەولانا مردن بە جیلوەی خوا دەبینێ و وەک دایک و گەیەنەر بە یاران پەسنی دەکات، هاوکات وێنەی نەرێنی مردنیش لای هەردوو شاعیر خۆی لە دۆڕان و بێدەنگکەر، تەنهاکەر و هاڕین و چوون بۆ عەدەم دەبینێتەوە، بەڵام مەولانا فەلسەفیانەتر باسی نەمری دەکات کە مردن بە قۆناغی بەردەوامی دادەنێت. لە کۆتاییشدا توێژەر چەند خاڵێکی وەک ئەنجامگیری خستووەتەڕوو کە بوون لای مەولانا زیاتر گەردوونیە و لەسەرووی خەم و شادیەوەیە، بۆ مەولەوی کەسیە [دەروونگەرایە] و لەناو خەم و شادیدایە، لێرەشەوە دنیا بۆ مەولەوی زیاتر بەدبینانەیە و باسی ژیانیش لەم جیهانبینیە کەسی و دەروونی و خەمهێنەرەوە دێتە دەرێ، بەڵام مەولانا بابەتی و گەردوونیانە کە ژیان لەگەڵ عیشق نەک دەرد و ئازار سەنتەرە، چونکە پاڵنەری پەنابردن بۆ عیرفان ئۆنتۆلۆجی بووە تا دەروونی. هاوکات کاریگەریی مەولانا لە پرسی مەرگدا بەسەر مەولەوییەوە دەبینرێت، بەڵام مەولانا مردنی وەک دیاردەیەکی گەردوونی بینیوە کە بەشەکان بۆ لای گشت [خوا] دەگەڕێنەوە، هاوکات مەولانا وەک تەماشاکەر مردن دەبینێ بەڵام مەولەوی وەک یاریزان و کارەکتەرێک لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەژی، بۆیە لای مەولانا مەرگویستی و لای مەولەوی مەرگ پەسەندنەکردن زاڵە، بۆیە جوانیی مردن لای مەولانا و ناشیرینی و شکۆی بۆ مەولەوی دەردەکەوێ، چونکە مەولانا پێیوایە مردن لە خۆیدا خراپ نییە و بەپێی سروشتی مرۆڤەکان دەگۆڕێت، لە کاتێکدا مەولەوی مردن بە خراپ دەبینێت.





---

# سووکە ئاورێک لە ڕەشبینی



◄ عەبدولقادر نیازی*

لانیکەم ئەوەی تا ئێستا لەبارەی ڕەشبینییەوە گوتراوە و دەگوترێ، ئەوە بووە کە هەمووشتەکان و چەمکەکان بە خراپ بزانرێن.

دەبێ بگوترێ کە ئەوە باوەڕێکی ڕیشە داکوتاوە و نگریسییەکی دەروونیشە کە خۆی بە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ژیاندا هەڵواسیوە.


ڕەشبینی ڕێک خاڵی بەرامبەری گەشبینییە. نەختێک فەلسەفیتر لێی بڕوانین، دەکرێ بگوترێ، چۆکدادان بۆ ئەو باوەڕەیە کە ژیان و جیهان و مرۆڤ لە شپرزە ترین دۆخی خۆیاندان.

لەو ڕوانگەوە ڕەشبینی ڕەهەندێکە کە

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "پیاوێک لە حەمامی جووەکان"

ئەنوەر عەباسی






(پیاوێک لە حەمامی جووەکان) وەکوو ڕۆمانێک کە دەیەوێ دیمەنی بێدەرەتانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوینی لە بەرزەخی پاشمۆدێرنیتەی ئەورووپا و پێش مۆدێرنیتەی کوردستانمان پیشان بدات، لەمەدا سەرکەوتوو بووە ئەگەرچی ڕووداوەکان و بە گشتی ڕەوتی ڕۆمانەکە مینیماڵیزە کراوە و نەیتوانیوە وەکوو ڕۆمانێکی گەورە هەڵسوکەوت بکات. کە دەڵێم گەورە مەبەستم بەتەنیا قەبارە نییە. من پێموایە گێڕانەوە لە کارلێک لەگەڵ زەمانێک کە لە گێڕانەوەدا باس کراوە و نیسبەت بەو زەمانە دەبێ قەبارە بۆ خۆی دیاری بکات. ڕۆمانێک کە باسی لانیکەم چەندین مانگ ژیان دەکات و چەندین ساڵ بیرەوەری کە وەکوو فلاشبەک بۆیان دەگەڕێتەوە، دەبوو دەرفەتی زیاتری بە خوێنەر دابا و وردەکاری زیاتری باس کردبا و ئەرکی گواستنەوەی هەستی ژینگەی ڕۆمانەکەی بۆ خوێنەر باشتر ڕاپەڕاندبا. وەکوو تۆلستۆی دەڵێ هونەر دەبێ بتوانێ ئەو ئەزموونە بگوازێتەوە بۆ بەردەنگ کە هونەرمەند (نووسەر) هەیبووە. بۆیە پێموایە ئەم مینیماڵیزە کردنەی نووسەر لەم سۆنگەیەوە بە زیانی باری فەننی ڕۆمانەکە تەواو بووە. بەڵام بۆچی وایە؟

روانگە و گۆشەنیگا

لە ڕاستیدا ڕوانگەی نووسەری ''پیاوێک لە حەمامی جووەکان'' ڕوانگەی نووسەرانە نییە بەڵکوو ڕوانگەیەکی دەرهێنەرانەیە. واتە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بەردەنگ هەست دەکا خەریکە سەیری فیلمێکی سینەمایی مۆدێرن دەکا کە لە چەند کورتە فیلمی سادە و ناتەواو پێکهاتووە و کۆی ئەم کورتە فیلمانە لە کەسایەتی ''پیاوێک''دا یەکدەگرنەوە و لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و فیلمەکە پێکدێنن. کەواتە خاڵی قورسایی هەموو ڕۆمانەکە (فیلمەکە) پیاوێکە کە بە هۆی گۆشەنیگای گێڕانەوەی یەکەم کەسەوە دەبێتە خودی نووسەر. هەرچەند لە کۆتاییدا بە هێنانە کایەی بابەتی نامەیەکەوە نووسەر هەوڵ دەدا ئەمە لە کۆڵ خۆی داماڵێ، بەڵام تازە درەنگە و خوێنەر بڕیاری خۆی داوە کە هەڵبەت شتێک لە بابەتەکە ناگۆڕدرێ.

لە ڕاستیدا بەشی کۆتایی ڕۆمانەکە جگە لەو مەبەستەی باس کرا و پێموایە تێیدا سەرکەوتوو نەبووە، مەبەستێکی سەرەکیتری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ریتمی لە ناکاو هێورکراوەی ڕۆمانەکە لە بەشی پێش خۆیدا، واتە بەشی ''ئازادی''، کەمێک ناسروشتی تەواو بووە کەڤەر بکات. دیسان ریتمەکە لە یەکدیتنی کەسایەتی ڕۆزا و ئەلیاس- دا کەمێک توند دەکاتەوە و لەو مردووییە کە لە دوای ڕزگاربوونی پاڵەوانی چیرۆک لە زیندانی سوورەکان تووشی کارەکە بووە، دەریدێنێ و ئەمجار بە کۆتاییەکی کراوە و لە ریتمێکی تەواو گونجاودا خوێنەر لەگەڵ خەیاڵی خۆی بەجێدێڵێ.

هەرجار کە خاڵێک دادەنرێ، پلانێک تەواو بووە و هەرجار کە لاپەڕە هەڵدەدرێتەوە پلان سکانسێک کات دراوە و هەرجار کە چاومان بە ناوێکی دیکە دەکەوێ، دەزانین کە وەرزێکی تازە دەستیپێکردووە. ''کلۆزئاپ''ەکانی نووسەر (دەرهێنەر- کامێرامەن) لەسەر پاڵەوانی سەرەکی کارەکە بە هێنانەوە بیری تامی لە ڕادەبەدەر ناخۆشی دەم و ددانی شکاو و دەموچاوی شین و ڕەشکراو و ئاماژە بە لاق لە ئاو ژەنین لە سەرمای زستاندا و ... هەموو ئەمانە و ئاماژەکانی دیکە وا دەکەن کە خوێنەر هەست بکا خەریکی سەیرکردنی فیلمێکە نەک خوێندنەوەی ڕۆمانێک. بەڵام دیتنی دیمەن و وێنە زۆر جیاوازی لەگەڵ خوێندنەوەی وەسفی وێنە و دیمەندا هەیە. لێرەدایە کە ئەو ئاماژەی وا بە مینیماڵیزەکرانی گێڕانەوەکە دەکەم، گورزی خۆی دەوەشێنێ و لە کۆتاییدا ناتوانێ بەو باشییەی کە چاوەڕوان دەکرێ ئەزموونەکەی خۆی لەگەڵ بەردەنگ بەش بکا و ئەویش تووشی ئەو هەڵامەتە بکات کە خۆی گرتوویەتی. چونکە توانای درکپێکردنی مرۆڤ لە ڕێگای چاوەوە و لە سەیرکردنی فیلمێکدا زۆر جیاوازە لەگەڵ توانای تێگەیشتن لە مەبەستی نووسەر لەنێو دەقدا، هەر بۆیە خوێندنەوەی کتێبێکی سەد لاپەڕەیی ڕەنگە سێ کاتژمێر کات ببا، بەڵام هەر ئەو کتێبە ئەگەر دەقاودەق بکرێ بە فیلم ڕەنگە لە نێو کاتژمێر فیلم زیاتر دەرنەچێ.

دەکرا بە زیاتر پەرژانە سەر کەسایەتییەکان لە هەر وەرزێکدا ڕۆمانەکە قورس و قایم و پتەوتر بکرایە، بەڵام نووسەر بە باشی زانیوە هەتا دەتوانێ کورتبێژی بکا. هیچ پێم سەیر نابێ ئەگەر ماوەیەکی تر ببیستمەوە ئەم ڕۆمانە وەکوو فیلمنامە دارێژراوەتەوە و خودی نووسەر (کە دەستی کامێرامنییشی هەیە) یان کەسانێکی تر دەیانەوێ بیکەن بە فیلمێکی سینەمایی.

## دیالۆگ

خاڵێکی تری گرینگ کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە، جیاوازیی هێزی دیالۆگەکانە کە وا دەکا بەردەنگ هەست بەوە بکات ئەم ڕۆمانە لە دوو کاتی جیاوازدا نووسراوە. هەر کاتێک دەرفەت بە کەسایەتییەکان دراوە کەمێک درێژدادڕی بکەن و خۆیان دەربڕن، دەبینین کە دیالۆگی جوانتری لێکەوتووەتەوە و هەر کاتێک ئەو دەرفەتە نەدراوە، دیالۆگەکان زۆر ڕواڵەتی و سادە بوونەتەوە. کە هەڵبەت دەکرێ ئەمە لە پرۆسەی پێداچوونەوە بەسەر کارەکەدا هاتبێ.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕۆمانەکە توانیویەتی دیالۆگی کارتێکەری وەکوو گفتوگۆی نێوان تامیل تایگەر و دلێر بخولقێنێ کە لەگەڵ خۆیدا چیرۆکەکە دەبا بۆ کات- شوێنێکی تر و بەبێ ئەوەی پێویست بە ئاماژە و باسکردن بێت، دەبێتە هۆی ''هاوزازانی'' بەردەنگی کورد لەگەڵ کەسایەتی تامیل تایگەر کە پێموایە یەکێک لە سەرکەوتووترین لوتکەکانی ئەم ڕۆمانەیە.

## کەسایەتی

وەک لەسەرێ باسم کرد، کەسایەتییەکان بە هۆی مینیماڵیزە کرانی گێڕانەوەکەوە زۆر بە وردی وەسف نەکراون یان ڕەنگە نووسەر پێیوابووبێ هەر ئەوەندە بەسە. بەڵام لەم نێوانەدا دوو کەسایەتی گرینگییەکی تایبەتیان هەیە: عەلی و چەتۆ. وێکچوونێکی زۆر لە نێوان هەر دوو کەسایەتیدا هەیە.

عەلی کە ڕۆمانەکە بەو دەستپێدەکا، ئەگەرچی بە هۆی مردنەوە زوو ڕۆمانەکە بەجێدەهێڵێ، بەڵام یەکێک لە هەستەکانی یان با بڵێین تایبەتمەندییەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە وەها بەرجەستە دەکاتەوە کە هەتا کۆتایی ڕۆمانەکە خوێنەر بەر نادا. ئەویش تێکشکاوی و هەموو لێکەوتەکانی تری وەکوو شەرمێون بوون، ترسنۆکی و هاوکات بێباکییەکی ناچارە کە لە جێگای جیاجیادا خۆدەنوێنن. هەر لە یەکەم دێڕەکانەوە کە نووسەر دۆخی دلێر لە بەرانبەر عەلیدا بۆ خوێنەر باس دەکا، بە تەواوی دەتوانێ ئەو هەستە بگوازێتەوە کە ئەزموونی کردووە. پەناگرتنی سیاچارەترین مرۆڤ لە ماڵی کەسێکی لە خۆی تاریکتر. لە ماڵی کەسێکی مردوو کە هێشتا ''لە پێش چاوت نان دەخوا و جگەرە دەکێشێ و پیاسە دەکا'' لە دەرەوەش شەختە و سەهۆڵبەندان و پۆلیس و برسێتی و ترس و دیپۆرت چاوەڕێت دەکا. دەسپێکی لوتکە یەک لە دوای یەکەکان لە مردنی فیزیکی هەر ئەم ''مردووە زیندوو''وە دەستپێدەکا. ئەوکاتەی کە ئەم هیوا ڕەشەیش نامێنێ.

کەسایەتی چەتۆ درێژەی هەمان کەسایەتی عەلییە. بەو جیاوازییەی کە عەلی بڕیاری داوە بمرێ و چەتۆ کە یان نەیوێراوە یان نەیویستووە بمرێ، بڕیاری داوە بەرگە بگرێ. هەرچەند بەرگەگرتنێکی فیزیکی دەنا چەتۆیش بەقەد هەموو کەسایەتییە تێکشکاوەکانی نێو چیرۆکەکە تێکشکاوە، بەڵام بە پەنا بردنە بەر ئەفیون و ''لەمبەری سەربان کەوتنە خوارەوە'' و وەکوو تایگەر تامیل خۆبەدەستەوەدان خۆی ڕاگرتووە و وادەردەکەوێ کە هێشتا دۆخی لە دلێر باشترە. دلێرێک کە لەگەڵ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک حەز ناکا هاوڕێیەتی بکا، بەڵام پێی ناچارە و دەڵێی ناچارە وەکوو چۆن هەتا عەلی مرد لەگەڵی بوو، هەتا مردنی چەتۆیش لەگەڵی بێت. مردنێک کە ئیتر مردن نییە، مردنێک کە دەبێ بە کوشتن (چونکا چەتۆ خۆی ناوێرێ یان نایەوێ بمرێ) کوشتنێک کە ئاماژەی پێدەکرێ، بەڵام هیچ دیمەنێک شایەتی لەسەر نادا.

لێرەدا شتێک کە بە لامەوە سەرنجڕاکێش بوو، کایەی زیرەکانەی نووسەر بە دوو چەمکی کوشتن و گایینە کە لە ڕۆمانەکەدا هەردووکیان لەسەر چەتۆ ساخ دەبنەوە. ئەم دووە دوو چارەنوسی جیاوازیان هەیە. دلێر بە کوشتنی چەتۆ تاوانبار دەکرێ لە کاتێکدا هیچ دیمەنێک شایەتی لەسەر ئەمە نادات لە ڕۆمانەکەدا، بەڵام لە بەرانبەردا دەبینین کە ئەگەرچی یەک وشەیش لەسەر ئەوەی کە دلێر چەتۆی گاوە لە ڕۆمانەکەدا نییە، بەڵام دیمەنێکی تاریک و ڕوون کە زۆر بە وردیش وەسف کراوە، ئاماژەکانی دواتر شایەتی ئەم ڕووداوەن. بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم دووە یەکتری تەواو دەکەن. واتە یەکدەگرنەوە و تێکەڵ دەبن و چارەنووسی نادیاری دوو پرسیاری ''ئایا کوشتنی چەتۆ بە دەستی دلێر ڕوویداوە؟'' و ''ئایا ئەوەی ئەو شەوە دلێر گای چەتۆ بوو؟'' ڕوون دەبێتەوە. لەولاوە ئاماژەی تامیل تایگەرمان هەیە لەسەر ئازاردانی سێکسی لە شەڕدا کە نموونەی خۆی وەکوو ڕزگاربوویەک و فەرماندەکەی کە وێدەچێ کوژرابێ یان لە هەمان حاڵەتی لە مردن خراپتردا مابێتەوە، دەگێڕێتەوە و لە گشتییەتی وتەکانی ئەوە هەڵدهێنجرێ کە تەعەداکردنی سێکسی لەسەر کەسێک هیچی لە کوشتنی ئەو کەمتر نییە. کۆی ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی ئەم ڕۆمانە کە وەک باسم کرد کۆمەڵێک کورتە چیرۆکی ناتەواوە، یەکبگرێتەوە و وەکوو پازڵێک هەر پارچەیەک لە لایەکەوە تەواوکەری بێت.

پیاوێک لە حەمامی جووەکان، ڕۆمانێکی ڕەشە، بەڵام ماندووکەر نییە. ڕەشە بەڵام ڕەشێکی بلح نییە، ڕەشێکی دنیادیدەیە کە خوێندنەوەی هەم بەچێژە هەم بە سۆ... .

مرۆڤ گەرەکیەتی خۆی تێدا بدۆڕێنێ. ڕوانگە و ئارگیومێنتێکی داخراوە بۆ ڕەنگە تیۆریزە کردنی ژیان و مرۆڤ لەسەر پرەنسیپێکی لەرزۆک و بۆش.

غایەتی ڕەشبینی لێرەدا چێکردنی پانتاییەکی لغاوکراوە بۆ زەین و ئەندێشە.

ڕەشبینی بە گشتی، مەیلێکی دەروونییە بۆ دەربڕینی ڕوانگەیەکی نێگەتیڤ لەبارە ی ژیان و مرۆڤ و جیهان و ڕاکێشانی مرۆڤ بۆ سەر ئەو ڕەیلە، هەر بۆیە ڕەشبینی بەردەوام خۆ لە قەرەی پووچخوازی"نهێلیزم" دەدا.

ڕەشبینی شێوە ڕوانینێکی نەزۆک و داخراوە کە غایەتێکی ماقووڵ و لۆژیکی بۆ هیچ کەیسێک بەدەستەوە نادا، عەقڵانیەتێکی بێ بڕست و لغاوکراوە بە کەرەسەی هزر و ئەندێشەیەکی فرۆشراو و ڕووحکرێن.

هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، پووچخوازی زۆرجار لێکەوتە و بەرهەمی ڕەشبینییە، واتا پووچخوازی لە گەشبینانەترین حاڵەتدا، ئەگەر بەرهەمی ڕەشبینی نەبێ، بێ شک هاوشانێتی.

ئەگەر بڕوای مرۆڤی ڕەشبین زاڵبوونی شەڕ و نگریسی بێ بەسەر ژیان و هەموو کەیسەکاندا، ئەوە ئەو زاڵبوونە لە کۆتاییدا پووچخوازی لێ دەکەوێتەوە.

لای زۆر مرۆڤ ڕەشبینی باوەڕە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە باوەڕ ئەگەر تەنیا بەشێکیش بێ لە ژیان، زۆرجار زەبری خۆی دەوەشێنێ.

ڕەشبینی لەو بەستێنەدا ئالێرژییەکی بێ سوود و تە نانەت بێ پێناسەشە. باس لە بێپێناسەبوون کە دەکرێ، بە واتای ئەوەیە کە تەشخیس و دۆزینەوە و بنبڕکردنی لە ئەندێشەی مرۆڤدا ئەگەر مەحاڵ نەبێ زۆر دژوارە.

کەسی ڕەشبین بەو باوەڕە گەیشتووە کە دەرەقەتی ژیان نایە و وزەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو عەقلانییەتە دارماوەشی نییە.

هەربۆیە تا دەتوانێ ڕق لە ڕابردوو هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر داهاتوو.

پاساوەکانی مرۆڤی ڕەشبین بەرلەوە ی ئاماژە بکات بۆ توانایی و زاڵبوونی ئەو عەقلانییەتە مەزادکراوە یا بێهێزبوونی پرۆسەی ژیان، دەگەڕێتەوە سەر خۆدۆڕاندنی مرۆڤ بە خودێکی نائاگا و تالانکراو.

تاوتوێکردنی هێز و باوەڕی مرۆڤی ڕەشبین پێویستی بە هێنانەوەی فاکتە لە ڕۆح و نەستی.

ڕەشبینی بە شێوەیەک لە شێوەکان دەکرێ وەک ڕووکردێکیش لێی بڕوانرێ. ڕووکردێکی دەروونناسانە کە تێیدا مرۆڤ لای وایە هەرچی دەیکا بە هیچ ئاکام و دەرئە نجامێکی پۆزەتیڤ و ئیجابی ناگا و حە ول وتە قە لایەکی بێ سوودە کە لە دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا بە داماوی خودفێرکراو (درماندگی خودێموختە) ناوزەد دەکرێ.

ڕەنگە بتوانین مرۆڤی ڕەشبین بە تۆزێک جیاوازییەوە، وەک ڤێرژنێکی دیکەی سیزیف بێنینە ئاراوە، بەڵام بە پێچەوانەی سیزیف مرۆڤی ڕەشبین لەلایەن هیچ خودایەکەوە تووشی ئەو سزایە نەبووە، بەڵکوو خۆی ئەو دۆخەی هەڵبژاردووە.

مرۆڤێک کە بە خۆی سەلماندووە ژیان و جیهان لە شپرزەترین دۆخی خۆیاندان، دەشتوانێ بە خۆی بسەلمێنێ کە پێچەوانەی ئەوەش (ڕەنگە بە دۆزێکی نزمتر) دەکرێ ببێ، ئە وەش جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەو سزایەی سیزیفی لێقەوماو لەلایەن دەسەڵاتێکەوە تووشی ببوو.

سیزیف مەجبووربوو ڕەشبین بێ بەڵام بۆ ڤێرژنی مۆدێرنی ئەو، ئەو داسەپاوییە تیۆریزە ناکرێ لەبەر ئەوە کە لێرەدا لەگەڵ "خود"ێکی ئاگا و خاوەن عەقڵ بەرەوڕووین.

مادام لە جیهانبینییەکدا ڕێگا بۆ دەربازبوون بەدی بکرێ، ناکرێ بگوترێ ئەو جیهانبینییە لەسەر ڕەشبینی بنیاتنراوە.

لەباری مێژووییەوە ڕەشبینی خاوەن پێشینەیەکی لەمێژینەیە و شێوازی مامناوەندیانەی ئەو لە مەکتەبی ڕەواقی و لە یۆنان و ڕۆمی کەوناراوە دەستپێدەکا و ئارتوور شوپنهاوەر لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا دەیگەیەنێتە تەشقی خۆی و ڕەنگدانەوەی لەسەر نیچە و هزرمەندان و فەیلەسووفانی "ئێگزیستانسیالیزم"یش دەبێ.

هەندێ لەو فاکتەرانە ی بواری سەرهەڵدانی ڕەشبینی پێکدێنن ماتریالیزم ولەزەتگەرایی (Hedonism) ومە یل بە شکخوازین.

***عەبدولقادرنیازی، پسپۆڕی دەروونناسی**

# پینا باوش؛

# بەهای جەستە لە سەردەمی کەوتنی بەهادا


نیهاد جامی




بەئەفسانەکردنی جەستە چوونە نێو نهێنییە شاردراوەکانی جەستەیە، لەوێدا کێشوەرێکی نوێ دەدۆزینەوە، ئەوەی لە خەون دەچوو جەستە ئەو خەونە دێنێتە دی، ئەوە ڕزگارکردنمانە لە ساتەوەختی ترس لە جەستە، ترس لە جەستە و ڕاکردن لە جەستە دوو چەمکی گرنگی تێگەیشتنە لە جەستە، ئەو کاتانەی ترسمان لە جەستەمان هەبوو، بیر لەوە دەکەینەوە لە جەستەی خۆمان ڕابکەین، دەمانەوێ ڕۆح لە جەستە بێتە دەرەوە، دەرکردنی ڕۆح لە جەستە هاواری ئێمەیە بۆ ڕزگاربوون، بۆیە چۆن ڕۆح لەگەڵ جەستە ئاشت دەکرێتەوە؟ ئەوە پرسیار نییە، گومانێکە لە ساتەوەختی ترسدا، ترس لەو ئۆرگانە چالاکەی بوونمان، کە دەمانەوێ کۆت بکرێت و بیری لێ نەکەینەوە، دامەزراوەکانی سەرکوتکردن لەبەرامبەر هەر پرۆسەیەکی ڕۆحیدا بیر لە زەبروزەنگ نواندن بەرامبەر بەجەستە دەکەنەوە، جەستە ئەو ڕووبەرە حەرامەی بۆ خۆی وەک گوناهبار و دەرکراوێک لەبەهەشت وێنا دەکرێت، گوناهەکانی زمان وعەقڵیش ئەوە جەستەیە دێتەوە بەردەم سزا، کاتێک جەستە ئەو شوێنە بێت کە ماناکانی زەبروزەنگ و سەرکوتکردنەوەی لەسەر مومارەسە بکرێت، پێویستە ئەو ڕووبەرە ماناکانی خۆی بدۆزێتەوە، گومانەکانی بە پرسیار بگۆڕێت، چیتر دەرفەت بە وشە نەدات کارێک بکات کە دۆخێکی سۆفستایی زمان لە گەمەکردن بە وشەکان ڕووبەڕووی سزای بکاتەوە، سزاکەش بەرەو جەستە بڕوات، بۆیە جەستە لەو کاتەدا چۆن بەرگەی سزا دەگرێت، بەهەمان شێوەش پێویستە خۆی بیرکەرەوە بێت وهەر خۆشی قسە بکات.

بۆ ئەوەی لە جەستە بدوێین، ناچینەوە سەر هۆکارەکانی سەرکوتکردنی، بەڵکو ئێمە قسە لەو جەستەیە دەکەین کە جەستەیەکی ئامادەی نائامادە بووە، بۆ ئامادەبوونی جەستە دەبێت بگەڕێینەوە سەر جەستە خۆی، کە ئەفسانەی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو ئەفسانەیە لە کارە سەمائامێزە شانۆییەکانی پینا باوش- دا دەبینین.

ئێمە بۆ قسەکردن لە ئەفسانەی جەستە دەگەڕێینەوە سەر ڕوانین ونمایشەکانی ئەو خانمە شانۆکارە سەمازانە و لەوێوە ڕەهەندە فانتازی و ئەفسانەییەکان و پرسیارەکانی جەستە و گومانەکان دەخەینە ڕوو، ئەوە وەک سەرەتایەک بۆ ئاشتکردنەوەی جەستە و خوێندنەوەی جەستە وەک ئەفسانەیەک کە ڕووبەڕووی ترس و ڕاکردن دەبێتەوە لەخۆی.

پینا باوش سەمازان و کیرۆگرافێکی ئەڵمانە، لەدایکبوی 27 ی تەمووزی 1940 ی زۆلینگنی ئەڵمانیایە، هەر لەسەرەتاوە خولیای سەماکردن دەچێتە سەری، سەما دەبێتە ئەو زمانە تایبەتەی کە لەڕێیەوە گوزارشت لە خەون و ئازارو ئەندێشەکانی مرۆڤی هاوچەرخ بکات، ساڵی 1955 کاتێک تەمەنی پانزە ساڵ دەبێت، وەک هەر کچێکی هەرزەکار بەدنیایەک خەونەوە دەڕوانێتە ژیان، هەر لەو تەمەنەوە بەرەو زانکۆی فۆلکوانژ هەنگاو دەنێت، تاوەکو فێری سەرەتاکانی سەماکردن وئاشنابوون بەم هونەرە ببێت، لەوێ سەمازان و کیریۆگرافی ناسراو کۆرت یووس سەرپەرشتی خوێندکارانی سەما دەکات، بۆیە لە سەرەتاوە لەژێر کاریگەری ئەم هونەرمەندەدا دەست بەسەما دەکات، تا ساڵانێکی زۆر ئەو کاریگەریە بەسەر کارەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

دوای ئەوەی خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات، بڕیار دەدات دەست بکات بەسەفەرکردن، ساڵی 1960 ڕوو دەکاتە نیویۆرک و دەچێتە خوێندنگای گۆلیارد، ئاشنایەتی لەتەک کۆمەڵە سەمازانێکی بەتوانا و ناودار پەیدا دەکات، ئەوانیش بریتین لە "پۆل تایلۆر و لیمۆن خۆسیە و ئەنتۆنی تیۆدۆر" بۆیە شەستەکان بۆ ئەو دەبێتە ساڵانی کارکردنی وەک سەمازانێکی پیشەگەر.

لە 1972 دەکرێتە بەڕێوەبەری هونەری تیپی باڵێی ئۆپێرایی ڤوبەرتاڵ لە ئەڵمانیا، بەهۆی شارەزایی و توانا ئەفرێنەرەکانی لەبواری سەمادا، ناوی شانۆکە دەگۆڕدرێت بۆ (شانۆی ڤوبەرتاڵی پینا باوش بۆ سەما).

لە 1975 لە دوو هەوڵی بوێرانەدا دەست دەبات بۆ نووسین و کیرۆگرافکردنی ئۆرفیۆس و یۆریدیس، ئەوە پینا باوش دەکاتە ناوێکی گرنگی ئەم هونەرە، قووڵبوونەوەی لەتەک جەستە، ڕوانینی بۆ جەستە وەک زمانێکی سەربەخۆ و تیۆریی تایبەت دەخوێنێتەوە، بۆیە دەبینین کارکردنی ئەو خاڵی نییە لە تیۆرە جەستەییەکانی شانۆ، تەنانەت لە هەندێک ڕوودا لەگەڵ گرۆتۆفسکی یەک دەگرێتەوە،

یەکەم سەفەری باوش لەگەڵ شانۆی ڤوبەرتاڵ لە ساڵی 1979 بوو، ئەو کاتەی پەیمانگای گۆتە بانگهێشتی کردن بۆ باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، دوای ئەوە گەشتەکانیان بەرەو ئیتاڵیا و بەرازیل و ئەمریکا و پورتوگال و تورکیا و کۆریا و فەرەنسا و چیلی و هیند درێژە پێدا، ئەو سەفەرانەش گەشت بوون بەناو کولتوورەکاندا، لەو ڕێگایەوەش توانیویەتی کۆمەڵێک خەڵات وەدەست بهێنێ کە گرنگترینیان: بیسی لە نیویۆرک 1984، سەمای ئەڵمانی لە بەرلین 1997، دەمامکی ئاڵتوونی لە مۆسکۆ 2005.

ڕۆژی 25 ی حوزەیرانی 2009 پزیشکەکان دەستنیشانی نەخۆشیەکەی دەکەن کە تووشی شێرپەنجەی گەدە هاتووە، تەنیا پێنج ڕۆژی تر دەژییێت و لە 30 ی حوزەیراندا لە فویرتاڵی باکووری ڕاین و ستزالیا لە تەمەنی 69 ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

"قاوەخانەی مۆلێر" یەکێکە لە دیارترین کارە سەمائامێزەکانی. تەواوی ئەم کارە لەسەر سایتی یوتیوب دانراوە بۆ ئەوانەی بیانەوێت کارەکەی ببینن، ئێمە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین لەسەر ئەو کارە هەڵوەستە بکەین.

بێبەهابوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا گرفتێکی ئەخلاقی ڕووبەڕووی پینا باوش دەکاتەوە، کە بۆ گەڕانەوەی حورمەت بۆ مرۆڤ پێویستە ئەو گوتارە ئەخلاقیەی نێوان ڕەگەزەکان بخرێتە ڕوو، ئەوەش ونبوونی هەستی ڕۆحی ڕەگەزیە، بۆیە جەستە نەک بەتەنیا دەبێت بە زمانێکی گوزارشتی، بەڵکو ئەو زمانە بەرەو پرۆسەی باڵابوون گوتارێک دەخوڵقێنێ کە گوتاری جەستەی ئامادەیە لەبەردەم توندوتیژیی ڕەگەزیدا.

مرۆڤەکان بەیەکدا دەچن، تووڕە دەبن، دەیانەوێ ئاشت ببنەوە، سەرەنجام کێشەکان وەک خۆیان لێ دێتەوە، ئەوە جۆرێکی تری بێهوودەیی مرۆڤە لەبەرامبەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی، بەگژداچوونەوەی پەیوەندیە خێزانیەکانە.

باوش لە 1978 نمایشی سەمائامێزی (قاوەخانەی مۆلێر) ی پێشکەش کرد، دیارە ڕووداوەکان لە قاوەخانەیەکدا ڕوودەدەن.

ژن و پیاوێک لە ڕێگەی سەماوە گوزارشت لەو هەموو ناکۆکیەی نێوانیان دەکەن، کرێکارانی قاوەخانەکە کورسی و مێزەکان کە بەربەستیان بۆ دروست دەکەن، لادەبەن. ئەوە کاری خۆیانە، بەڵام بەشێکی گرنگی ناو ئەو کارە هونەرییە، نامۆبوون بە شوێن، ترسی مرۆڤە لە جەستە، بەوەی ئامادەبوونی جەستە بیرکردنەوەیە لەو ترسە، ئاخۆ شوێن بەجەستەی من نامۆ نییە؟ جەستەم لە کوێوەی جەستە توانای گیرسانەوەی هەیە؟ شوێن جەستەی ئەویتر دەکات بە ڕووبەری ئارامیم؟




ئەو پرسیارانە لە ساتەوەختێکدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کە جەستەی ژن لە نمایشەکەدا بە ترسەوە دێتە قاوەخانەکەوە، بەڵام ئەو شوێنە لە بنەڕەتدا قاوەخانەیە و ماڵ نییە، کەواتە هەموو ئارامبوونێک تەنیا هەوڵێکی ساتەوەختیە، ئەوە بیرۆکەی کۆچ و نەبوونی ماڵ بەرەوڕووی کارەکتەرەکەمان دەکاتەوە، بەوەی مرۆڤ شوێنێکی نییە بۆ گیرسانەوە، بەڵکو مرۆڤ گەڕیدەیە، گەڕیدەیەکە بۆ هەتاهەتایە بەدنیادا دەڕوات و بێلانەیە.

ئەوە گرفتی مرۆڤی هاوچەرخە کە لە ماڵ هاتووەتە دەرەوە و هەرگیز ناتوانێ بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە، بۆیە لە شوێنەکانی وەکو قاوەخانە بەدوای ئەو ئارامیەدا دەگەڕێت کە لە ماڵ وەدەستی ناهێنێتەوە، هەر کاتێ ئەو مرۆڤە ویستی لە شوێنی تریشدا بەدوای ئەو ماڵەدا بگەڕێت، ئەوا مرۆڤەکان ناتوانن ئەو شوێنە بدۆزنەوە، بۆیە هەمان قەدەری ماڵ ڕووبەڕووی قەدەری شوێنەکانی تریش دەبێتەوە.

ڕەنگە پرسیارێک ڕووبەڕوومان ببێتەوە، ئەوان بۆ وەک کوێر ڕەفتار دەکەن؟ کوێربوون لەو نێوەندەدا پرۆسەیەکی فیزیکی نییە، کە ئەوان مرۆڤی نابینابن، کوێربوون پرۆسەیەکی عەقڵیە، ئیدی کوێری پەیوەستە بەو غەیبانیەتەی ئەوان تیایدا دەژین، مرۆڤی هاوچەرخ ئەو مرۆڤە کوێرە، دەبێت هەوڵ بدات بگاتە شوێنی مەبەست، ئەوە دیدێکی ترە کە باوش دەیخاتەڕوو، زیاتر لە وێنەیەکی سیزیفی نزیکمان دەکاتەوە، بەڵام بەسیزیفبوونی ئەو مرۆڤە تێگەیشتنێکی ترە لە بێهوودەیی ژیان، بێبەهابوونی پەیوەندییە مرۆییەکان و لەکارکەوتنی مرۆڤ وەک بوونێکی چالاک.

ئێمە ناتوانین تەنانەت لەڕووی سرووتی گشتیشەوە دایبڕین لەو وێنە پووچگەرایە، بۆیە پەیوەندیی ئەو بەو هەموو کورسیە بەتاڵەی قاوەخانەکە، وادەکات بیر لە شانۆگەریی کورسیەکانی یۆژین یۆنسکۆ بکەینەوە، چونکە چیتر کورسی ئاماژە نییە بۆ دەسەڵات، شوێنێکیش نییە بۆ ئارامبوونەوەی ئینسان بۆ دانیشتن، ئەوە هێمایەک نییە بۆ پشووی پاش ماندووبوون لە ژیان، چونکە جووڵەی فیزیکی دەسووڕێتەوە، وەک ئەوەی "خۆر" نەبێت دەسوڕێتەوە، بەڵکو "مرۆڤ" بێت بە دەوریدا دەسوڕێتەوە، ئەوە سەرتێکدانە لە گالیلۆش، چونکە ئێمە لە ڕۆژگارێکی تردایین، ڕۆژگاری ونبوونی مرۆڤ و کەوتنی بەهاکانی ئەو مرۆڤە.

لەسەرەتاوە دوو ژن دەردەکەون، هەریەک شوێنێکی لە قاوەخانەکەدا گرتووە، جوڵەی یەکێکیان ئەویتر بەهەمان ڕیتم لەگەڵ خۆی دەبات، ئەوە هاوواتا بوونی گرفتە ڕەگەزییەکان و کێشە ئەخلاقیەکانی مرۆڤە کە هەموومان لەگەڵ زەمەن ڕووبەڕووی هەمان تراژیدیا دەبینەوە، هێزی دەنگ ئامادەبوونی جەستەیە، ئامادەبوونی جەستە هێزی دەنگە، ئەو دووانە بەیەکدا دەچن، ماندوو بوون وهەوڵدان کۆتاییان نایەت، دەنگ جەستە ڕادەکێشێتەوە، بۆیە ئەو دوو ژنە لەو کاتەدا لە دوو میلی کاتژمێر دەچن. ئەو پیاوەی کورسیەکان لەپێشی لا دەبات، لەچرکە ژمێرەکە دەچێت، بۆیە زەمەن لەو مۆتیڤەدا زەمەنی شکانی خەونەکانی ژن و ئامادەبوونیەتی لەناو ئازار.

تا زەمەن تێپەڕێت شتەکان زیاتر دەکەون، تێپەڕینی زەمەن پەیوەستە بە جووڵەی ئەو دوو ژنەوە کە ئەوە قووڵایی پینا باوش خۆیەتی، ئەوە ئاگایی وعەقڵی ئەوە لە نمایشەکەدا، ئەگەر لەڕاڤەکردنی سونەتیدا بە ڕیتم ناوببرێت، بەڵام ئەوە ڕیتم نییە لە جووڵەکانی باوش پەیوەندیی زەمەنی دەخوڵقێنێ، بەڵکو ئاگایی نمایشە لە ئێستادا، عەقلیەتی باوشە لەبەردەم بەهای جەستە لە سەردەمی کەوتنی بەهادا.

